# جارێکی که خەیاڵ

هەباس بۆسکانی

ئەوە چۆن لە ژێر چاوە زیتەکانی ئاسمانا
ئێمە وامان لێدێ؟
من رازیم بە جامی ژەهر و
تۆش لە کەللەی شەیتان دێیتە خوارەوە بۆ رۆخی تورەییەکی کوشندە.

ئەوەتا هاوکێشەی نامرادی من
بەم جەورەی تۆ هاوسەنگ بوو
بەم ئاگرەت بووە ئەستێرەیەکی درەوشاو.

لە پێش وێنەکانتا دانیشتوم
دێڕێك شیعر سەرەتایە بۆ رۆحی زەلیلکراوم
لەولاشەوە لاپەڕەیەك عومرت پڕکردۆتەوە:
"بو تۆ پێشکەشە، شێتە دلْشوشەکەم"
لەوێوە عومر وەك سەدایەکی وونبوو هەلْپڕوزا
ئەشکێکی زۆر ئەو بەیانە وەنەوشەییەی کردە سارا.

هەموو شەوێ
لە دەوری تۆ بۆ مانای تر دەگەڕێم
تا بەردەوامی بداتە رۆح

هەر شەوە دونیا شەوە،
بەردەوامیی درێژی رەشایی لە سوبحا و

دووری تۆیە وەك نەی دەناڵێ

تۆی یار

یاری خەیاڵ

هەر وەك جاران پەژموردەم و

گۆرانیەکی بە دڵ ئاشنا لەگەڵ دەنگی ساز دێ

"ئێمە عادەتمان کردووە بە خەیاڵ بژین"...